# لە سەنگەری فەخرەدین تاهیردا!

پشکۆ نەجمەدین

رۆژنامەنووس و نووسەری سەرەڕۆ، فەخرەدین تاهیر، لە سۆنگەی یاخیبوون و بەزاندنی بەند و کۆتی کاری رۆژنامەنووسی لە کوردستاندا، دووچاری ئاستنەگی و هەڕەشەی "یاسایی" بووەتەوە و لە رێگای ماڵپەڕە کوردییەکانەوە، هانای بۆ نووسەران و رۆژنامەنووسانی دەرەوەی کوردستان هێناوە. فەخرەدین تاهیر، یەکەم و دوا رۆژنامەنووسی تەنگپێهەڵچنراوی نێو تۆڕە فراوانەکانی دەسەڵات نییە!. زۆرن ئەو رۆژنامەنووسانەی لە سۆنگەی سنووربەزاندنی رەوشی باوی پرۆسەی رۆژنامەنووسیدا، دووچاری ئەشکەنجە، گرتن، رەدوونان و سووکایەتیپێکردن بوونەتەوە.

ژیان لە کوردستاندا بۆکەسانێک کە خوازیاری پاراستنی شکۆیی و کبریای ناخی خۆیان بن و لەبەردەم هەژموون و شکۆیی دەسەڵاتدا نەبنە گزگل، زێدەسەختە!.

سەختە بۆ تۆ، لە نێو سیستەمێکی رۆشنبیریی لێوانرێژ لە قەڵەمی بستەبالا، قەڵەمێکی بالابەرز و بزێو راگریت!.

سەختە بۆ تۆ، لە کۆمەڵگەیەکی بێدەنگ و ئاشقەچەپڵەدا، بە بێ چەپڵە و هوتافکێشان، بیر لە چارەنووسی کۆمەڵگە بکەیتەوە!.

سەختە بۆ تۆ، لە نێو دارستانی "بەڵێ"دا، شلکەنەمامێکی "نا" بچێنیت!.

سەختە بۆ تۆ، هەگبەیەکی سەررڕێژ لە رەنگاڵەخەون لە کۆڵ بنێیت و بۆ هێلانەی پیرەهەولێر بفڕیتەوە و گوڵدانی خەونەکانت لەسەر تاوێری کەللەشەقیی دەسەڵاتدا وردوخاش بێت!.

من، لەگەڵ تۆدا و لەسەنگەری هەموو قەڵەمێکی ئازا و رەخنەگردا، لە پێناوی دابینکردنی زەوینەیەکی ئازاد و سیستەمێکی کراوەتر بۆ کاری نووسین و رۆژنامەنووسی لە کوردستاندا، دەوەستم!.

2005 / 6 / 4